تەیف سامی ئەو تەمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە گوایە بەنیازی نەبوە خشتەی بودجە پەشکەشی پەرلەمان بکات

وەزارەتی دارایی عێراق ئەو تەمەتانەی ڕەتکردەوە کە گوایە بەنیازی نەبوە خشتەی بودجە پەشکەشی پەرلەمان بکات، هاوکات ئاماژە بەوە دەکات کە پابەندە بە دابینکردنی پارەی موچە مانگانە بەبێ هیچ دواکەوتن و قەرزکردنێک و "بە تەواوی مسۆگەر".

وەزارەتی دارایی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، ئەو لێدوانانە ڕەتدەکاتەوە کە ئێندامێکی پەرلەمان دێیخاتەڕو، کە بانگەشەی ئەوە دەکات، (تەیف سامی بەنیاز نییە خشتەکانی بودجە پەشکەشی پەرلەمان بکات)، جێخت لەوە کراوەتەوە "هیچ گفتوگۆیێک لەنێوان وەزارەتی دارایی و پەرلەمانتارەکەدا نەبوە جگە لە پەشکەشکردنی مامەڵەی تایبەت بەمەبەستی تەواوکردنی سەقفی داهات و گەڕان بەدوای سەرچاوەی دارایی بە ئەوان".

ئاماژەی بەوەشکرد، "سەبارەت بە موچەی هەرەمی کوردستان، وەزارەت پابەندە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی و یاسای بودجەی فیدراڵی، مادەی 11 (یەکەم) و مادەی 13".

لە بەیاننامەکەدا هاتوە، "سەبارەت بە مافی فەرمانبەران بە وەرگرتنی پاداشت و پلەبەرزکردنەوە، وەزارەت چەندین جار ڕونیکردوەتەوە کە مافی سەرجەم فەرمانبەران پارێزراوە، بە

پشتبەستن بە فەرمانی بەشی یاسایی کە تیایدا هاتوە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرێک لە بەرواری شایستەبونیەوە کاریگەر دەبێت، پێچەوانەی ئەوەی پەرلەمانتارەکە ئاماژەی پێکردوە".

وەزارەتی دارایی عەراق دەڵێت، "کشاندنەوەی پارەی دانراوی باج لە دەسەڵاتی وەزیردایە بەپێی یاسا، بە دابینکردنی دارایی خەرجییەکان بەکارهێنراون و بە داهاتی نانەوتی دادەنرێت، پێچەوانەی ئەوەی نوێنەرەکە بانگەشەش بە کردوە".

ئونیشیکردوە، "هەر موکەکی دەوڵەت لە دەسەڵاتی وەزیری داراییدایە بە فرەشتنی بەپێی یاسایەکی تایبەت بە ئەوەی زەرترین داهاتی گەنجینەی گشتی دەوڵەت بەدەستبهێنێت، بەبەشێک لە داهاتە نانەوتییەکان دادەنرێت بە دابینکردنی دارایی بودجە و ساڵانە لە خشتەی (A)ی بودجەی گشتی دەوڵەتدا بە فرەشتنی زەوی دەخرێتەو".

وەزارەتەکە دەڵێت، "پابەندە بە دابینکردنی بودجەی موچەی فەرمانبەران بە شێوەیەکی مانگانە بەبێ هیچ دواکەوتنێک، مانگی ئایار موچەی تەواوەتی بە سەرجەم سودمەندانی شایستە دابینکرابێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە هیچ قەرزێک لە داهاتی نەوت یان نانەوتی هەبێت"، جەختیشی لێوە کردوە کە "موچە بە تەواوی مسۆگەرە".